# دەڕۆمەوە هەواری خۆم ئەحمەدەشتی

سبەی بەیان کە دەئەنگوێ
زوو هەڵ دەستم
باری خەم و ئازارانی
سالها دووری و غەریبی خۆم
لە گەڵ ڕەنج و کارەسات و
نەهامەتی  وەڵاتی خۆم
زۆر بە جوانی دەپێچمەوە و
لەکولەباڵی سەفەر بەرە و
کوردستانە شیرینەکەم
هەڵیان دەگرم و
دەڕۆمەوە هەواری خۆم
پێش گشت شتێ
لەسەر مەرزی بەخوێن سورم
ڕادەوەستم وکڕنوش دەبەم
بۆئاسمان ودارو بەردی هەواری خۆم
پڕ بە دڵی خۆشەویستیم
خاکی‌کوردم دەبوسمەوە
ئەوسا دەچم بۆ لای یارو
خزم و کەس و هەڤالانم
لەلای ئەوان
چی برینی سالها ڕەنج و پەژارەیە
هەمووی وێکڕان دەگێڕمەوە
بۆ سەربەرزی و پەند وەرگرتن
لە گەل خۆزگە و حەزی دڵم
لە شیعرێکی تازەو نوێ
هەرچی دیومە دەهۆنمەوە
ئاسۆی بەرزی هۆنراوەکەم
تەژی خەم و نەهامەتی
ڕۆژگارانی پێش ڕزگاری و
سەربەخۆیی خاکم دەکەم

وەک تابلۆیێ بیرەوەری
لە گشت شوێنێ
وەکو پەیکەر دایدەڕێژم
لە سەر گلکۆی شەهیدان و
لە ژێر ئالآی بەخوێن سوری
کوردستانە خەم دیدەکەم
لەتەک گڕی بابەگوڕگور
لەسنجارم تا خانەقین
لە گشت شوێنێ کوردستانم هەڵدەواسم
تا خڕ ڕۆژێ کەوا کڕنوش
لەبۆ ئالآی بڵندم دەبەم
بێتەوەیادکارەسات ونەهامەتی و
بەسەر هاتەخەمگینەکەم
ئەوسا دەڵێم ئۆخەی گیانە
کوردستانی ئازیزی من
گەل و یارو هەڤالانی وەڵاتی من
ئەوا ئێوە سەربەخۆ بوون
هەموو خاکی تەعریب کراوم
گەڕایەوە ئامێزی کورد
ئەواگشتمان بە ئازادی
کارەساتان دەکەین بە پەند
لە پەرتوک و وانەکانی قوتابخانە
بۆ زارۆکان چاپیان دەکەین
هەتا نەوەی سبەی ڕۆژمان
دوژمنانمان لەیاد نەکەن بیان ناسن
تا بزانن ئەوان کێنەو چەند دڕندەن
کوردستانیان چۆن وێران کرد
چلۆن کوردیان بە خاک کێشا و
بە ئەنفال و گازی کیمیا
هەزارانیان شەهید کردین
⋆